
## بۆكان له ئەمرۆ و له مێژوودا(زنجیرەی ٢)



له دەستپێکی زنجیرەی یەکەمی بۆکان له ئەمرۆ و له مێژوودا هاتبوو" پرۆژەی ماڵپەڕی بۆکان، بۆکان له مێژوودا، مێژووی زیندوو(گفتوگۆ له گەڵ کەسان)، وەک سێ بەشی یەک پرۆژە جیلی دوێنێ و ئەمڕۆ و دواڕۆژ له یەک گرێدەدات و پڕۆژەیەکی بەردەوامی ئەمڕۆ و دواڕۆژە."
http://www.bokan.de/laperekan/nuseran/Braym/bokan/bokan.htm

ئێستا که ٢٤ ساڵ له پڕۆژەی دامەزراندنی ماڵپەڕەکه و ١٧ ساڵ له پڕۆژەی "بۆکان له مێژوودا" و ٨ ساڵ له پڕۆژەی "بۆکان له ئەمڕۆ و له مێژوودا" تێدەپەڕێ و بۆته ماڵپەڕێکی چەند هەزار لاپەڕەیی پڕ له زانیاری، زنجیرەی دووهەم "بۆکان له ئەمڕۆ و له مێژوودا" له سەر ئەرکی هێژا تاهیر عەلیار نووسەر و لێکۆڵەر درێژه پەیدا دەکات. با وڵاتەکەمان، نیشتمانەکەمان، شار و گوندەکانمان بناسین و بیناسێنین.

ماڵپەڕی بۆکان ئامادەیه گۆشەی تایبەت بۆ هەر شار و ناوچەیەکی کوردستانی گەوره به زمانی کوردی و زمانی تر بکاتەوه. هاوکاری بکەن بۆ ناساندنی زێدی خۆتان.

ڕێداکسیۆنی ڕۆژهەڵات- بۆکان

## بۆکان له کتێبی چێشتی مجێوری مامۆستا هه ژاردا

ژیانمان له تەرەغه جار تاڵ و جارشیرن و پڕ له هەوراز و لێژ رابرد . له بیرمه زستانێک تا به هار پێخۆرمان نەبوو بەرچامان نانی وشک بوو له بیرمه ساڵێک قەند گران بوو چەند مانگێک چامان به کشمیش و نوقڵ دەخواردەوه بەڵام له دواییه کاندا به نیمچه دەوله مەندێکی لادێ حیساب دەکرام. بۆخۆم دەرسم به براگچکه و برای گچکه ترم دەگوت بەڵام زۆر زەحمەته منداڵێک به تاقی تەنیا زەوقی له سەر خوێندن بێت بیرم زۆر لێ دەکردەوه که ئەو برایانەم ئامانەتی بابمن و له مل مندان ئه گەر نه خوێندەوار دەرچن من خەیانەتم به ئەمانەت کردووه زۆریش گران بوو دەست له ژیانی لادێ که ده گەڵی راهاتبووم بەردەم و بچمه شارکه هیچ له کاسبی شار سەرم دەرناچێ ئاخری لێ برام که هەرچی دەبێ با ببێ تەنیا براکانم بتوانن بخوێنن له پر قەراری خۆم دا ماڵاته کەم سەرجەم فرۆشت و هاتمه بۆکان خانوویەکی پووتەکەی پیسەکەی له لای سەرووی مزگەوت و بەرامبەر به حەوزی بۆکانم مانگێ به سێ تمەن به کرێ گرت که حەوشۆکێک و نێو ماڵێک و وەتاغێک بوو پاش ماوەیەک به حەوسەد تمەنم کڕی و خانوێکی شاری سابڵاغم دا به هەشت سەد تمەن و قیمه ته کەم بژارد.

دەبوایە لە بۆکان کاسبی پەیداکەم و ژنیش بێنم و بە بێوە مێردی نە مێنمەوە بەڵام ئاواتم پێک هات کە براکانم بنێرمە مەدرەسە ئێستاش گرێی سەردڵمە کە بۆچی خوشکم نەنارد و بۆخۆشم پێم نەخوێند چونکە تا ئێستا نەک هەر لە خانەوادەی خۆمان بگرە لە لاوەش ئینسانی هێندە زیرەکم نەدیوە بەڵێ عەقڵم وابوو کە نابێ ژن بخوێنێ زۆر بە داخەوەم. بۆ باسی کاسبی و سەرمایە هاوارم بۆ کاکە رەحمانی حاجی بایزاغا برد پێنجسەد تمەنی دا کە کاسبی پێوە بکەم دە گەڵ کورێکدا بووینە شە ریک و هەتا چل تمەنمان زەرەر کرد کلکی وشتر گەیشتە عەرزی بە پەلە قەرزەکەی کاک رەحمانم گەراندەوە نەوەکا تووشی زیانی زۆرتر بم. لە پاش مردنی هەوەڵ ژنم هەر دە حەول دابووم بە دڵی خۆم ژنێک بێنم زۆر کیژ و بێوە ژنیان بۆ دۆزیمەوە بەڵام کەیفم نەیدگرتن رۆژێک میوانی ماڵێک بووم خوشکێکی چکۆڵەی هێشتا کاڵی خانەخۆێکەم زۆر دڵم گرتی بەڵام هیچم نەدرکاند دوایی بیستمەوە کە ئەو کیژە ئاشنای ماڵی قۆچ بەگە و قۆچ بەگیش ئاشنای قسەی قۆڕ و جەفەنگم بوو خوازبێنیم لێکرد و سەری گرت . مەعسووم کچی کا حەمەدی نۆبارم لێ مارە کرا کە هێشتا تەمەنی لە چاردە ساڵاندا بوو بۆ مخارجی بووک هێنان دامابووم کابرایەک بە نێوی عەبدولکەریمی شەوکەت کە بازرگانی کووتاڵ و دەوڵەمەند بوو خەڵکیش بە سوودخۆریان باس دەکرد پیاوەتی کرد و گوتی من قەرزت دەدەمێ و هەر گا بووت بمدەوە توانیم ژن بگوێزمەوە بەڵام تا بە خۆم زانی پتر لە سێ هەزار تمەن بە عەبدولکەریم قەرزدار بووم رۆژێک لێی پرسیم بۆ کاسبیەک ناکەی گوتم دەسمایە چۆن؟ گوتی: تۆ زۆر بە من قەرزداری ها پێنسەد تمەنی دیشت بدەمێ یان گاڵ دێ یان پەمۆ دەگەڵ کۆنەشەریکەکەم داممەزراندەوە توتنی شینی خراپی دەکڕی دەیکوتا و سەبیلە رێژی دەکرد و بە عەجەمانی دەفرۆشت بە نیوە قازانجەکەی وردە وردە دەبووژامەوە.

زستان بوو رێگاوبان گیرابوو ترسی عەجەمیش بۆ هاتنە کوردستان زۆر ببوو رۆژێک حوسێن کە ناوی شەریکەکەم بوو هاتە لام شڵەژابوو لووتی ئارەق کردبوو گوتی ماڵمان خرابوو تووتنی شینی زۆرم بە سەردا ماوەتەوە و مشتەری نایەن چاری ناچار عەمبارێکمان بۆ تووتنە شین گرت و سەر لەبەری زستان و مانگێک بەهار لە ناهومێدیان سەرمان لێ نەدایەوە رۆژێک دیتم فەتحی بە هەڵەداوان هات و بزەی سمێڵی بوو گوتی لە سایەی دڵۆپی زۆر و تەڕایی بنی عەمبار تووتنەکەمان هەرچەند نیو گەزێک لە سەروبنیەوە رزیوە بۆتە زێڕی بێ غەوش. تووتن بە دەرەجەی هەرە باڵا فرۆشرا و لە پڕ دەوڵە مەند بووین هەر یەکێ چوار هەزار و پێنسەد تمەنمان پێ گەیشت و هەر ئەو رۆژە قەرزی عەبدولکەریمم دایەوە و دەستمایەشم بۆ مایەوە هەر ئەو ساڵەش لە ئیدارەی تووتنی بۆکان بوومە عەمباردار مانگێ بە سەدوبیست تمەن بەو شەرتەی دوو مانگ لە حقووقەکەم بۆ ئەو کەسە بەرتیل بێ کە دایمەزراندووم تووتنیشم بە بەرەوە دەکڕی و دەفرۆشت هێندێک شیعرم لە سەر تووتن دزین هەڵگێڕابوونەوە هەرچی گووکارییەکی لە ئیدارەی تووتن دا دەکرا دەرم خستبوو بازرەسی گشتی لە تارانەوە هاتبوو ناوی فەرهادی بوو داوای ئەو شیعرانەی لێ کردم دەگەڵ خۆی بردن پاش ماوەیەک نامەیەکی مەجەللەی گاڵتەی باباشەمەلم بۆ هات دەڵێ ئەگەر بێیە تاران جێگەمان بۆ تۆ هەیە، دیارە من کە لە بنەوە ژ،ک بووم نەدەچووم، بەڵام رەنگە ئەگەر ئەودەم لە سەر ئەم قسە قۆڕانە رۆیشتبام بمتوانیا ببم بە نووسەرێکی گاڵتەچی ساڵەودوا خۆم کردە بازرگانی گەنم دەگەڵ برادەرێکا بووینە شەریک گەنممان لە بۆکانەوە دەبردە تەورێز و دەمانفرۆشت چونکە زۆرمان دەبرد ئەگەر کیلۆی نیو شایی خێری بکردایە هێشتان زۆر بوو، جارێکیان سەدوبیست تمەنمان زەرەر کرد هەر ئەو رۆژە چووینە دیدەنیی حەمەدەمیناغای مەحمووداغا کە ئاغای بۆکان بوو قەپان و سەرانەی ماڵاتی بازاڕمان ئیجارە کرد بە مانگێ هەشتاویەک هەزار تمەن، چوار کەسی دیکەش خۆیان کردە شەریکمان نۆ رۆژمان بە دەستەوە بوو یازدە هەزارتمەنمان خێر کرد تا لە سەریان زیاد کردین جارێک حەمامی بۆکانم بە ئیجارە گرت بەڵام نەچوومە سەری و بە هەشت سەد تمەن خێرا فرۆشتمەوە، خولاسە لە بۆکان خێر و بێرم بە سەردا دەباری و تەواو ساز ببووم.

سەعدی دەڵێ: دەنگی خۆش بژیوی گیانە.  هەمزەی شەریکم زۆر دەنگی خۆش بوو بریارماندا لە تەورێز نەچینە ئەو ئوتێلەی کە هەموو کوردی سابڵاغی دەچوونێ چووینە، ئوتیلێکی بێ کورد کاک هەمزە شەو لە ژوورەکەدا گۆرانیەکی گوت خاوەن ئوتێل هات گوتی : هەرجەند لە کوردی تێناگەم بەڵام ئەو دەنگە زۆری کار لێ کردم وەتاغێکی دوو نەفەریی دوور لە جادەی دایێ و سوێندی خوارد کە پووڵمان لێ ناستێنێ و هەرچی دەمانەوێ بۆمان پێک بێنێ بەو شەرتە رۆژێ جارێک گوێی لە گورانیی هەمزە بێ.

جگە لە کاری رۆژمان کە سەردان لە بازاڕی گەنم فرۆشان و بە شارا گەڕان و سەیرکردنی قەیسەری و راستە بازاڕان و چاو چەڕاندن بوو شەوانە هەر لە ئێوارەوە دەچووینە سینەما راستت دەوێ ئێستاش نەمانزانی کام فیلم باشە و کامی ناخۆشە. خاوەن سینەماکان بۆ راکێشانی لاوان کچی زۆر جوانیان بە خزمەتکار رادەگرت پیاو کە لە لۆژ دادەنیشت کچێکی زۆر لووسی بە ناز و نووز فێرکراو بە شیرنی و ئابجۆوە دەهاتە ژوور و بە دەست بازیەک وگا ماچێک و دوان پوولێکی باشێکی چوار پێنج بەرابەری نرخی بازاڕی لە مشتەری دەستاند. ئێمەش لەو دادۆشین و دەست بڕینە بە ئاشکرایە خۆشمان دەهات و بە ئانقەست ملمان بە تەپکەوە دەکرد. رۆژێک لە سەر قسەی خەڵک چووینە مزگەوتێک لە تەورێز بە ناوی (صاحب الامر) کە گوتیان چوارشەممۆیان زۆر خۆشە، حەوش و ژووری مزگەوت لە ژن وکچ جمەی دەهات بەردی دیواریان دەلستەوە کە بە مراد بگەن، لە ژوورەوە گومبەزۆکێک هەبوو، دەیانگوت ئیمامە. مەلایەکی پیری ردێن خەناوی بە زیارەت رادەگەیشت. دوای زیارەت من دوو تمەنم دایە کابرا کە هیچ کەس هەرگیز لە چوار شایی پتری نە دابوویە لەو حاتەمییەم واق بردەوە هەروەک بترسێ کە لێی بستێنمەوە نایە تەنکەی باخەڵی و خۆی دایە سووچێکی تاریک و زەق لە منی روانی تا تەماشام دەکرد، چاوێکی لێ دادەگرتم تەواودڵخورد بووم هەمزەم تێگەیاند و لێی چووە پێش و بە تووڕەیی تێی راخوڕی :

بۆ چاو لە هەواڵم دادەگری؟

مەلا گوتی : کەس وەک ئێوە مەرد نییە لە سەر یەک دوو تمەنتان داوێ، ئێستاش ئەمڕۆ وەرنە ماڵە من نۆ ژنی زۆر جوانم بە دەستە ، کامیانتان هەڵبژارد لێتان سیغە دەکەم و خزمەتکارم من گوتم : ئاغا ئێمە سوننە مەزەبین سیغە و قەحبە لای ئێمە وەک یەکە و بە حەرامی دەزانین، ئەمە ناکەین ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی : خوا نەکاو سوننی بن پیاوی واچاک حەیفە سوننی بێ، چووشینە زیارەتی سەید حەمزە کە عەزیزخانی سەرداری موکری(١) لە بارەگای ئەو نێژراوە و گۆرە کەشی زۆری قەدر گیراوە چونکە لە دەورانی دەسەڵاتیا خەڵکی تەورێزی لە بەڵای قاتی و گرانی رزگار کردووە، رەنگە نەشیان زانیێ ئەویش سوننی بووە، ئەوی لە بیرمە کە سەرنجی راکێشابم دیدار لە ماڵی قەرەسەید ناوێک بوو کە دەیانگوت فاڵ دەگرێتەوە و نوشتە دەنووسێ خانووبەرەکەی دوو حەساری دەناویەکدا بوو خێزەرەی مشتەری وەک مێرووی دەوری چەوری کۆمەڵ ببوون، دەبوو سەید ئیزنت بدا کە فڵان رۆژ بێنە لای کە زانی دوو کورد هاتوون گورجێ رێگەی لای خۆی داین و قەدری زۆری گرتین و تێری قسەی خۆش بۆ کردین پاش چەند ساڵ بیستمەوە کە سەید جاسووسی ئینگلیسان بووە .

لە تەورێز بۆ ریش تاشین و سەر چا کردن دەچووینە لای دەلاکێک گوتی شتێکم بۆ بنووسە کە ریش تاشین بە قەرز نابێ من دوو شیعری فارسیم بۆ نووسیبوو کە لە بیرم نەماون بەلام ماناکەی ئەوە بوو ( هەی بێ ئینساف تۆ ریشەکەت لای من دەتاشی و قەرز نادەیەوە من کوێت بگرم) کابرا دە شووشەی گرتبوو هەڵیواسیبوو رۆژێک کوتی نازانم چت نووسیوە بەڵام هەرچی دەیخوێنێتەوەپێ دەکەنێ و پێشم ناڵێ چییە ئەوەندەم لە بیر چوو بڵێم بۆ هەوەڵ جار کە هاتمە تەورێز و چوومە باغی گولستان دیتم تورکێک زوڕنا لێدەدا هیچ شتێکم پێ لەوە عەجایب تر نەبوو، پێم وانەبوو جگە لە لۆتی کورد کەس زۆڕنا لێ بدا چەند سەیرە تورک و زۆڕنا لێدان.

(١) : کاک تایر ئیلخانی زادە لە کتێبی بیرەوەرییەکانی دا (ئاورێک لە موکریان) لە بارەی مەزاری سەردار عەزیزخانەوە ئاوا دەنووسێ:

جاریکی کە بۆ تەعتیلاتی نەورۆزهاتبوومەوە لە گەڕانەوە بۆ تەورێز عیسمەت خانمی ئامۆژنم کوتی رۆڵە باپیرە گەورەی من مەرقەدی لە تەورێزە بپرسە بیبینە وە بزانە تێکیان نەداوە ؟ کە هاتمەوە تەورێزکوتیان گومبەزی عەزیزخانی سەردار لە محەللەی سورخابە قەبری سەید حەمزەش لەوێ یە لەگەڵ مام مینە بە تاکسی چووین سەید حەمزە زیارەتگای عەجەمانە دەڵێن ئیمام زادە بووە لە بەر دەرگا پرسیمان ، خزمەتکارەکە پرسی ئێوە کێن کوتم خزمی سەرداری گوتی سوغرا خانم دەناسن ؟ کوتم بەڵێ دایکی بابمە کە وام گوت زۆری رێز لێ گرتین و دەرگای بۆ کردینەوە چووینە ژووریٚ وەتاغەکە تالارێکی گەورە بوو پەنجەرەیەکی چوارتایی گەورەی بەرەو باشوور بوو هەمووی شووشەی چکۆڵە چکۆڵەی سوور و زەرد و رەنگاو رەنگی تێ گیرابوو قەبرەکانی نیشان داین یەکیان ئی عەزیزخان ئەوی دیکە ئی سەیفەدین خانی کوڕی عەزیزخان بوو بەردی مەڕ مەڕی زۆر جوان و ئەستووریان لە سەر بوو نێوەکانیان لە بەردە کە نووسرابوو ئی عەزیزخان چەند شیعریش لە بەردەکە نووسرابوو عەکسێکی گەورەی خۆی وەک تابلۆیەک لە پشت سەری

هەڵاوەسرابوو دەدوازدە چرای لامپا و شەمعدانی لێ بوو ژنە کە کوتی ڕۆژی جومعان ئەو شەمانە و ئەو چرایانە هەڵدەکەم کوتی ئێرە مەقووفەی زۆر بووە بەڵام هەمووی خوراوە ئێستا حەمامێک ماوە بە نێوی (گەرمابەی عەزیزخانی سەردار) مانگانە پووڵی کرێکار و نەوت و شەمعی ئەو چرایانە دەدەن بە کەم و کووڕی ئەوی دیکەی دەخۆن لە پاشان کوتی وەرن با قەبرەکانتان نیشان دەم پێمان سەیر بوو کوتمان بۆ ئەوانە قەبرنین؟ کوتی نا قەبر لە بنەوەیە لە گۆشەیەکی حەوشەکە دەرگایەکی کردەوە و چرایەکی بە دەستەوە گرت وەپێشمان کەوت بە پازدە پلیکانی بە خشتی سوور ساز کراوداچووینە ژێر زەمینەکە دوو قەبر لەوێ بوو بە خشتی سوور و گەچ دروست کرابوون یەکیان ئێ عەزیزخان و ئەوی دیکەیان ئێ سیفەدین خان بوو ژێر زەمینەکە هەر چوار لای دیواری خشتی سوور بوو تەرکە کە شی بەو خشتانە سەنگ فەرش کرابوو ژنە کە کوتی لەو تالارەی سەرێ ڕاست بەرامبەر ئەو قەبرانە بەرد و نووسراوەکان داندراون کوتی قەدیم عادەت وابووە تەرمی پیاوماقووڵیان ئاوا لە ژێر زەمینواندا ناشتووە بەو ژێر زەمینانە دەڵێن سەردخانە ئادرێسی حەمامی سەرداریشی دایێ پاشان چووم حەمامەکەشم دیت لە سەر دەرگاکەی بەردێکی مەڕمەڕی تێ گیرابوو لێی نووسرابوو (گرمابە عزیزخان سردار) لە نزیک قەبری عەزیزخان خزمەتکارەکە ساختمانێکی گەورەی پێشان داین سەری گومبەزی خشتی کاشی سەوز بوو کوتی ئەوەش قەبری سیقەتولئیسلامی تەورێزە مەلای عەزیزخان بووە لە کوردستان ڕا هێناویەتە ئێرە بۆتە شیعە و بۆتە سیقەتولئیسلام باسی ئەو مەلایە وا عەزیزخان لە نستانی سەردەشت ڕا هێناویەتە تەورێز و چۆن بووە لە بەشی خانەوادەکان دا دەنووسم . دەو ساڵانەی دوایی دا چوومە تەورێز بە داخەوە هەرچی گەڕام قەبری سەردارەکان نەمابوو تێکیان دابوو کوتم چی لێهاتووە کوتیان کردوویانەتە مەقبەرەتولشوعەرا حەیف ئەو دەم عەکسم نە گرت نەمزانی وا تێکی دەدەن . عەزیزخان مڵکی لە تەورێز زۆر بووە هیچی بە ئەولادەکانی نەگەیشتووە نمایەندە و کاربە دەستان خواردوویانە.